ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە ناڕەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە)، یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم بکاتەوە؛ ئەوا اللە دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی دەرفەت بدات بەکەسێک کە ناڕەحەتی لەسەرە (بەهۆی قەرزەوە)، یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەم بکاتەوە؛ ئەوا اللە دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێک نییە جگە لە سێبەری ئەو نەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک دەرفەت وماوەی زیاتر بدات بە قەرزدار یان شتێک لە قەرزەکەی لەسەر کەمبکاتەوە، ئەوا پاداشتەکەی: خوای گەورە دەیخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆی لەڕۆژی قیامەتدا ؛ لەو ڕۆژەی کە خۆر نزیک دەبێتەوە لەسەری بەندەکان وگەرمیەکی زۆر بەتین تووشیان دەبێت. بۆیە هیچ یەکێک سێبەر نادۆزێتەوە مەگەر ئەو کەسەی خوای گەورە بیخاتە ژێر عەرشی خۆی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4186